چەپ بوون - بەخەلك بونی حزب - زەمینەی بون دەیسەلمێنێت .

بەشیوەیەکی بەرچاو و حاشا هەلنەگر دەتوانین بلێین کە لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە بە ڕوونی بۆتین وەی چەپ لەمەیدانی خەبات هاتوتە پێشەوە و توانیوێتی لەسەر تەواوی کێشەکانی کوردستان یاریدەر و سەرچاوەی خۆی هەبووە و لەگەڵ تەواوی کۆرانکاری یەکانیش بە ئاشکرا و نائاشکرا جێگای دەستی دیارە و قسەو باسی هەریە . هەرچەندە ڕەوتێن وەیە بە ڕشت و بڵاوەو هەروەکو بڵاوی بە شێوەی کردووە کە سەرەڕای لە بارەی وگوڕانکاری بارە سیاسی ئاو مەکە نەبۆتە هێزی سیاسی هەم و دەیەیانی ڕۆژ بە ڕۆژ بەوەی کوتە بە رەستی و مەزهەب و ئایینی لە تەرەف نەو بەرەو پێشی چوونداریە . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر گورەپانی سیاسی زور ئاڵیخراو و حزب و پارت وگروپ چەپ هەیە کە بۆخۆیان خاوەنی ئیژدوری یەکی تیکۆشان و خەباتن و نە خەیشیان لەسەر کوردانکاری کیشەکانی کوردستان هەیە . کە چی حزب هەیە تەنها خۆی دەپێیت و خەیالی حزبی چەپی پێشەوە و بۆخۆی لێدەداو رزگاری کوردستان تەنها لەسەر دەستی خۆی دەپێیت و پێوانەی چەپێتیش بو حزبەکانی تر دادەنێت لەگەڵ ئەوەی دەزانێت (مطلق) بوکەس نی یە و ئەوەی چەند ساڵێکە خەڵکی کوردستان بەدەست بیری پارتی پێشەوە و چۆن توشی ماڵ وێرانی بووە . هەرئەمەش وای کردووە نزیك بوونەوەی لەگەڵ حزبی چەپەکانی تر نەبێت و لەسەر زەمینەی سیاسی عیراق وکوردستان نەتوانێت وەك قانونی سیاسی حزبی خەڵك بێت بەو شێوەیەی بارە سیاسی پیویستی بوی هەبێت و هاوکاتیش لەگەڵ خەڵك دا بێت ، مەبەستم ئەوەنی یە کە لەسەر شتەخراپەکانی کومەڵ و خەڵك تسەی نەبێت بەڵکە بەپێچەوانەوە لەسەر بەرنامەی خۆی بوگوریتی کومەڵگا بەرەو کومەڵیکی یەکسان بێداگر بێت بە لام لەدەرەوەی کومەڵگا و خەڵك نەبێت چونکە زەروورەتی گوریتی کومەڵ لەبارە سیاسی و کومەڵایەتی و ئابوری یەخراپ و ئاڵوزەی تیایەتی حزب دەخولقێنێ نەك بۆخۆی بلێیت زەروورەتی ئیژدوری و سیاسی ئەمەی خولقاندووە ، لەگەڵ ئەوەی کە هەر حزبێك یان پارت یان ئاڵیخراو یك زەروورەتی سیاسی کومەڵی بو خەبات دەیخولقێنێ بۆدەست هێنانی ئامانجەکانی ، ئەمە راستی یە ، هەرچەندە ئەوانەی خەیالی پێشەوایەتی بوچەپ لێدەدەن ، ئەم راستی یە بوچەپەکانی تر بە حەق نازانن و بو زەمینەی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان خەبات کردنی حزب و پارتەچەپەکانی تر بۆسەر بەرەی خۆی کوردستان وەك شەرەزاری باس دەکەن لەگەڵ ئەوەی دیاری مانی دیاری کردنی چارەنوس بونەتەوەکان مافێکی بێ ئەم لاولای نەتەوەکانە ، ئیدی مانی دیاری کردنی چارەنوسی خەڵکی کوردستان مافێکی دەوای خەڵکی کوردستانە ، ئالیرەوە چەپ دەبێتە حزبی خەڵك کە لەگەڵ ئاوات و ئامانجەکانی جوت بێت نەك بچێتە دەرەوەی ئامانجەکانی ئەم سەرەڕای دوورکەوتنەوەی لە فەرهەنگی نەتەوەیی کە بۆخۆی کیشەیەکی گەورە یە و پیوستە حزب زۆر لێی بە ئاگا بێت ئەگینا دواتر دەکەوێتە بەراوێزی کۆمەڵگاوە ئەو کومەڵگایەی ئەمڕۆ خەباتی بۆدەکات و لە وێنەوە شەهید دەداو هەلسوراوانی گیانیان بەخت دەکەن .

دژنامەنوس / م . شورش عەلی

٢١ / ١٢ / ٢٠٠٢

تورکیا -